لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕەسەن (٣)

# ئێران و ئیخوانولموسلمین





## خاڵەکانی هاوهەڵوێستی و هۆکارەکانی جیاوازی

لێکۆڵینەوەیەکە لە نیوسەدەی ڕابردوودا ١٩٤٦ - ١٩٩٦

ئامادەکردنی

ابراهیم میکە علی

چاپی یەکەم

١٩٩٩

# ئێران و ئیخوانولموسلمین

## خاڵەکانی هاوکاری و هۆکارەکانی جیاوازی

لێکۆڵینەوەیەکە لە نیوسەدەی ڕابوردوودا ١٩٤٦ - ١٩٩٦


ئامادەکردنی

ابراهیم میکە علی


ئێرانو ئیخوانو لموسلمین

بسم الله الرحمن الرحيم

- ناوی ناميلكه : نێران و نێخوانو لموسلمين
- چاپ : چاپەمەنی و ئۆفسێتی پەیڤ
- ئامادەکردنی : ابراهيم ميكه علی
- پيت چنين : كۆمپيوتەری گۆڤار
- ژمارەی سپاردن : ١٦٢ سالی ١٩٩٩
- مافی چاپ : پارێزراوه بۆ كتێبخانەی ڕەسەن

لە بڵاوکراوەکانەی کتێبخانەی ڕەسەن

# پێشەکی

خوێنەر، خوێندنەوەیەکە بۆ باسێکی بابەتی کە ئەم بابەتەی بەردەستی خوێنەر، و لەکتێبێکی قەبارە گەورەدا بڵاوکراوەتەوە و لەنووسینی(عباس خامەیار)ە ئەم خوێندنەوەیەش لەدۆسیەی ژمارە (٧٣)ی گۆڤاری(حصاد الفکر) لەمارسی ساڵی ١٩٩٨ز دا بەعەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

لەبەر گرنگی و بایەخی بابەتەکە لەلایەکەوەو لەلایەکی تریشەوە وەك تیشك خستنە سەر پەیوەندییەکانی (ئێران چ وەك تەوژمێکی ئیسلام گەراو چ وەك دەوڵەتێکی ئیسلامیی لەلایەك و ئیخوانو لموسلمین چ وەك قوتابخانەیەکی فکری و چ وەك بزاوتێکی سیاسی لەلایەکی ترەوە)، هەروەها وەك هەنگاوێك بۆ ڕوون کردنەوەی پێشینەی ئەو پەیوەندیانە لەنیو سەدەی ڕابووردودا، هەستام بەوەرگێڕانی ئەو بابەتە بە(زمانی کوردی) بەئومێدی ئەوەی بڵاوکردنەوەی بەشێوە زاری کوردیش ببێتە مایەی زیاتر لێك گەیشتن و بەکتر خوێندنەوەی هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان بەگشتی و دولایەنی پەیوەندی دار بەتایبەتی.

لەکاتێکی وەك ئێستادا (کە جیهان بەرەو نەریتی پەیڤین و لێك گەیشتن هەنگاو هەڵدەگرێت) پێویستە هەڵگرانی دروشمی ژیاری ئیسلامیش بەو ژیارەی کە دەیان نەتەوەی خاوەن شارستانیەت و خاوەن فەرهەنگ لەخۆ دەگرێت، زیاتر لەیەك بگەین و بەتفاقی بەکدەنگی مالی ئیسلامییەوە لەدەروازەی هەزارەی سێهەم و لەدەرگای ژیارەکانی تر بدەین و بەهەمان حاڵەتەوە فەرموو

رۆڵێکی ئیلهام بەخشانە ببینێت بۆ هەڵسوڕاوە خەباتکارەکانی ناو ڕێکخراوی (فدائیان اسلام ) ئێرانی.

لەم بابەتەدا گرنگترین سیماو ڕوخسارەکانی جیاوازی نێوان هەردوو بزوتنەوەکە خراوەتە ڕوو قسەیان لەسەر کراوە.بۆ نمونە: بزوتنەوەی ئیخوان لەمیسردا زیاتر پەیڕەوی چاکسازیو گیانی پابەندی بەفەرمانەکانی میریو حاکمی (لەغەیری مەعسیەتدا) بەخۆوە گرتووە، لەکاتێکدا کە مۆرکی جیهادیو شۆڕش گێڕیو بەرهەڵستکاری دیارترینو گرنگترین ئەو ئاکارانەن کە بزوتنەوەی ئیسلامی ئێرانیان پێ دەناسرێتەوە.

لەم بابەتەدا گرنگترین ئەو فاکتەرانە دەست نیشان کراون کە بونە هۆی لاواز کردن یان پوکاندنەوەی پەیوەندیەکانی ئێرانو ئیخوان، کە دیارترینیان هەڵوێست گرتن بوو لەبارەی تەوژمە هاوچەرخە جیهانیەکانەوە (ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا) کە ئیخوان کۆمۆنیستی جیهانی بەگەورەترین مەترسی لەسەر ئیسلام دادەنا، لەکاتێکدا بزوتنەوەی ئیسلام خوازی ناو ئێران ئەمریکای بەرکەبەرو دوژمنی نمرە یەکی گەلە چەوساوەکانی جیهان دادەنا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی لەئێرانو هەڵکشانی ململانێکانی ئێران لەگەڵ هەندێك لەووڵاتە عەرەبیەکاندا، فاکتەرەکانی جیاوازی ڕەهەندێکی سیاسیشیان بەخۆوە بینی، کە لەهێرشی ووڵاتە عەرەبیەکانەوە بۆ سەر ئێران ئەو ڕەهەندە سیاسیە نومایان دەبوو.

## دەسپێک

بابەتی ئەم باسە مێژوویی‌یە کۆڵینەوەیە لەپەیوەندی‌یەکانی نێوان بزافی ئیسلام خوازی ناو ئێران لەدەیەی چلەکانەوە لەلایەکو بزوتنەوەی ئیخوانو لموسلمین لەمیسردا لەلایەکی دیکەوە..

لەوانەیە گرنگیدان بەلێکۆڵینەوە لەم بابەتەو هەڵبژاردنی میسرو ئێران لەگرنگی ڕۆڵی ئەم دوو وڵاتەوە سەرچاوە بگرێ،کە میسر لەجیهانی سوونی‌داو ئێران لەجیهانی شیعیدا ڕۆڵی گرنگو بایەخی تایبەتی‌یان هەیە. هەروەها لەم بابەتەدا تیشک خراوەتە سەر پەیوەندیەکانی هەردوو وڵاتی (میسر-ئێران) لەڕوانگەی مێژووی هاوچەرخەوە، ئەو پەیوەندیانەی کە بەدرێژایی ٥٠ ساڵ درێژەیان کێشاو لەئاکامدا پەیوەندیەکان بەئاقارێکی تردا وەرچەرخان جیاواز لەو ئاقارەی کە لەسەرەتاوە پەیوەندیەکان بەخۆیانەوە دەیانبینی.

بەهەمان شێوە تیشک خراوەتە سەر خاڵەکانی هاوکاری‌و فاکتەرەکانی جیاوازی نێوانیانو ئاسەوارو کاریگەریان لەسەر پەیوەندیەکانی هەردوولاو گرنگترین ئەو دەسکەوتانەی لەئاکامی ئەو پەیوەندیانەوە هاتنە گۆڕێ کە یەک لەو دەسکەوتانە گەرچی ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەنزیک خستنەوەی مەزهەبەکاندا نەگێڕا، دامەزراندنی (دار التقريب بين المذاهب الإسلامية) بوو، بەڵام توانی بۆ ماوەیەکی زۆر گرژی نێوان مەزهەبەکان خاو بکاتەوەو زەمینەی خۆش کرد بۆ چەندین کاری دیکەو لەڕێگەی ئەو دامەزراوەیەوە ئیخوان توانی

سەبارەت بەخاڵەکانی هاوکاریو لێک گەیشتنی هەردوولاش بیرۆکەی یەکرێزی موسوڵمانان (الوحدة الإسلامية) هەردوو بزوتنەوەکەی کۆ دەکردەوەو لەلایەکی تریشەوە دۆزی فەلەستین بەگشتیو ئازادکردنی قودس بەتایبەتی ژوانگەیەکی تر بوو بۆ بەیەک گەیشتنەوەیان.


**بابەتەکە دابەش کراوە بەسەر چوار دەروازەدا :**

**دەروازەی یەکەم: ئوسولیەتو بێداری ئیسلامیی.**

**دەروازەی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانو ئەو هەلو مەرجەی کە بزوتنەوەی ئیخوانی تێدا لەدایک بوو.**

**دەروازەی سێهەم: خاڵەکانی هاوبەشیو فاکتەرەکانی جیاوازی نێوان هەردوو بزووتنەوەکە.**

**دەروازەی چوارەم: پێشینەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیخوانو لموسلمینو شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانو پاشەڕۆژی ئەو پەیوەندیانە.**



# دەروازەی یەکەم

# باسێك لەسەر ئوسوڵیەت

( ئوسولیەتی ئیسلامیی ) ( بێداری ئیسلامیی ) ( شۆڕشی ئیسلامیی ) . . .هتد زاراوەیەکن لەم دواییانەدا لەسەرانسەری جیهانداو لەدەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە زۆر بەکاردەهێنرێن‌و گوێ بیستیان دەبین.

ئەم زاراوانە هەموو ئەو بابەتانە دەگرنە خۆ کە لەدرێژایی بیست ساڵی ڕابوردودا ڕوویان داوەو ڕوو دەدەن، بەڵکو هەر ئەم دیاردانە بون هۆکاری سەرەکی هاتنەکایەی سیستمی نوێی جیهانی‌و لەوانەشە هەر ئەم دیاردەو فاکتەرانەبن کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەم سیستمەدا کە لەئاست گەیشتنی بەهەندێ لەئاوات‌و خواستەکانیدا کڵۆڵو دەسەوسانە.

زۆرێك لەپسپۆڕان‌و سیاسەت مەدارانی جیهان هاوئاهەنگن لەگەڵ ئەوبۆچوون‌و قەناعەتەدا کە دەڵێ هەر چەشنە گۆڕان کاری‌و دەست کاریەك ئەنجام بدرێت لەپێکهاتەی سیاسی جیهان‌و نەخشەکێشان بۆ ئایندەی جیهان، ناکرێ بێداری‌و ڕەسەن خوازی ئیسلامیی‌و دیاردەی ئیسلام گەرایی تیا لەبەرچاو نەگیرێ‌و حسابی تایبەتی بۆ نەکرێ، چونکە دیاردەی ئیسلام خوازی‌و بێداری گەلان لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا ڕۆژ بەڕۆژ لەپەرەسەندندایەو بوەتە هۆی دروست کردنی دڵە ڕاوکەو خستنە ژێر پرسیاری فەرمانڕەواو کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەی کە دیاردەکەیان تێدا بەهێزە وەك (تونس، مغرب، فلسطین، کشمیر...هتد).

ئەگەر چی دەسکەوتەکانی ئەم بێداری‌و ڕابوونە گەورەیە لەئاست خواستەکانیدا نین، ئەویش بەهۆی ئەو تێزو بزافە سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌و دینیە نەیارانەوە کە دژایەتی دەکەن، پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێ

لەسەر ڕەوتی
نابەجێی خۆی
ئاسەواری
گەری
مەزهەب
کە مەزهەب گەری ئاسەواری نابەجێی خۆی لەسەر ڕەوتی بێدارییەکە داناوەو بوونی دوو مەزهەبی سەرەکی (سوننە، شیعە) کە بزووتنەوەی ئیخوانو لموسلمین بەقوتابخانەی دایکانەی هەموو بزافە ئیسلام خوازییە سوونییەکانو شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیش بەچلەپۆپەی ئاواتو بەرهەمی خەباتی شیعەکان دەژمێردرێن، بەم بۆیە (بێداری ئیسلامیی) وەکو زاراوە بۆ هەموو ئەو هەوڵانە بەکار دەهێنرێت کە لەلایەن کۆمەڵو دەستە ئیسلامییەکانەوە دەدرێن بۆ سەرلەنوێ دروست کردنەوەو هێنانەوە کایەی کۆمەڵگەو حکومەتی ئیسلامیی تا هەستێ بەپارێزگاری کرنی ئاینی ئیسلامو بەرژەوەندییەکانی ئوممەتی ئیسلامیی.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە مەزنەش هەریەك لەم دوو بزافە میکانیزمو تێڕی تایبەت بەخۆیانیان هەیە، ئیخوانو لموسلمین شێوازی گفتوگۆو پەیڤینی هێمنانەیان بەتەعبیری قورئانی ڕێگای (جدل بالتي هي أحسن)یان گرتۆتە بەر بۆ پێکهێنانی ئەو گۆمەڵگا ئیسلامیەی کە دەخوازن بیهێننە سەر ئەرزی واقع، هەرچەندە تائێستا لەجیهانی عەرەبیدا وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو دەکەوێ، بەڵام بزافی ئیسلام خواز لەئێران دا کە ئامانجە باڵاکەی پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامییە بۆ ئەم مەبەستە ڕێگاو شێوازی شۆڕشو خەباتی چەکدارانەی گرتۆتەبەر.

سەبارەت بەبزافی ڕەسەن خوازی ئیسلامیی کە ئامانجەکەی گەڕانەوەیە بۆ سەر سەرچاوە پاكو ڕەسەنەکانی ئیسلام کە قورئانو

سوننەتی پێغەمبەری مەزنە ﷺ لەسەر ئاستی تاكو كۆمەڵ بەمەبەستی داڕشتنی بناغەیەكی مكۆم بۆ ئەوەی سیستمی سیاسی ئیسلامیی لەسەر دابمەزرێنن، بەڵام ئەوەی كە شایەنی وەبیرخستنەوەیە لەم بوارەدا ئەوەیە كە دەگوترێ: سەلەفیەت نابێ مانای ڕادیكالیەتو دواكەوتنو دژایەتی پێشكەوتن خوازی لێ بگیرێ، چونكە دەبینین چەندین چاكە خوازی پێشكەوتن خوازو ڕۆشنفكر لەم بوارەدا كار دەكەنو سوود لەهۆكارەكانی پێشكەوتنو نوێ خوازی وەردەگرنو بانگهێشتی موسوڵمانان دەكەن بۆ زانست خوازیو فێربونو پیشەسازیو پیادەكردنی ئازادی ڕادەربڕین لەنێوانیاندا كەسایەتیو زاناو بیریاری ئازادی خوازو ژیر بیژو عەقڵ فراوانو كرانەوە بەڕووی شارستانیەتەكانو باوەڕدار بەحیوارو پەیڤین دەبینرێن كە گرنگی دەدەن بەمێژوو و ڕابردووی گەلانو ڕوو بەڕووی پێشهاتەكانی سەردەم دەوەستنو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانیشیان توندوتیژیو زەبروزەنگ بەكارناهێننو، بەڵكو بانگەوازكردنو هەژاندنی هۆشو هەستو سۆزی نەتەوایەتیو ئاگایی سیاسیو میكانیزمی جۆراوجۆر بۆ پەروەردەكرنو پێگەیاندن دەگرنەبەر بۆ خستنەوە گەڕی ئەو بیروباوەڕە پاكو دامەزراوەی كە لەدەروونو ویژدانی گەلانی ئیسلامیدا چەسپاوە، بەم پێیە ئوسولیەت یاخود سەلەفیەت دەرهاویشتەیەكی نوێ نیە،وەكو ڕۆژئاواییەكان بڕوا دەكەنەوە كە گوایا لەئاكامی (شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، یان خەباتی ئەفغانستان، یان ڕێچكە صۆفیەكانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، یان

بوژانەوەی بزافی ئیسلام خوازی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران) هاتبێتە کایەوە، بەڵکو ڕەگ‌و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ قوڵایی‌و سەرەتای مێژووی ئیسلامیی‌و لەهەر سەردەمێکدا بەپێی خواستی سەردەم سەرهەڵدەداتەوەو دێتەوە گۆڕێ. وەکو نووسەر دەڵێ:

نوسولیەت چەند ئاکارێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ئەمانە هەندێکیانن:

١_ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بنکە فراوان کە هەموو سنورە تەسک‌و تروسکەکانی وەك نەتەوەگەری‌و چینایەتی‌و سنورە ئابورییەکان دەبەزێنێت‌و زاڵە بەسەریاندا.

٢_ ڕاهێنانی هەموو دروشم‌و هێما ئیسلامییەکان‌و بانك‌و ناوەندە ئابورییەکان‌و هەموو ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بەکۆمەڵگای ئیسلامییەوە هەبێت.هەر لەسیاسەتی نێو دەوڵەتییەوە بگرە تادەگاتە بانکە ئیسلامییەکان‌و بوژانەوە ئیسلام خوازەکان‌و کۆکردنەوەی هێزە مەزهەبییەکان.بەمەبەستی سەرلەنوێ بوژانەوەی پێناسی ئیسلامیی‌و کردنەوەی بەبەری گەلانداو بوژاندنەوەو گەشەپێدانیان.

٣_ شۆڕش گێڕی (الجهاد) بەواتای هەوڵدانی چەکدارانە بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ سەر بنەما ئیسلامییەکان کە ئەم شێوازە هەندێ لەباڵە شۆڕش گێڕەکان بەکاری دەهێنن (ئەوانەی کە لەئێرانەوە ئیماء وەردەگرن یان ئاڕاستە دەکرێن).

٤_ گشت گیری‌و بیر فراوانی ئیسلامیی، ئەم کارە لەحەفتاکاندا بسوو بە دیارترین ئاکاری بزافی ئیسلام خوازی‌و توانی بیرێکی ڕەسەنی ئیسلام خواز کە سیمای میانڕەوی‌و عەقڵ پەسەندی‌و گرنگی دان بەبواری کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتبوو. تا لەئاکامدا سەرلەنوێ ئیسلامی وەك بیروباوەڕو ئایدیایەکی شۆڕشگێڕ ناساندەوەبەگەلانی موسوڵمان‌و جیهان بەگشتی‌و تێ دەکۆشا بۆ دەست خستنەوەی پێناسی تایبەت بەگەلانی ناوچەکەو ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەم‌و هێزە داگیرکەرو چەوسێنەرەوەکاندا.

٥_ بڵاو بونەوە بەناو توێژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵ‌و (ڕێکخستنەوەو یەکخستنی دەنگ‌و تواناکانیان بۆ بەدی هێنانی ئامانجە مەزنەکان).

هەروەها دەتوانین ئەو فاکتەرانەی کە بونە هۆی گەشەکردن‌و پەرەسەندنی بێداری‌و ڕەسەن خوازی لەجیهانی ئیسلامیی‌و ئەم سەردەمەدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

١_ ئیسلام پەسەندی وەکو دژە کردارێك بەڕووی ڕۆژئاوا گەریەتی ڕۆژئاوایی‌یەکاندا.

٢_ بزاوتنی هەست‌و غیرەت‌و هیممەتی ئیسلامیی دژ بەو لێك هەڵوەشانەی کە لەبواری ڕەوشت‌و ڕەوشت جوانیدا ڕوویداوەو ڕۆژئاوایی‌یەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد.

٣_ تێکشکانی عەرەبەکان بەرامبەر ئیسرائیل لەساڵی ١٩٦٧ دا.

٤_ سیاسەتە فراوان خوازی‌یەکانی ئیسرائیل.

٥_ هەرەس هێنانی هەموو ئەو ئایدیایانەی وەك (نەتەوەگەری، مارکسیەت) کە دزەیان کردبووە ناو جیهانی عەرەبیو ئیسلامیی‌یەوەو تێکشکانیان لەبەرامبەر ئەو دروشمانەی کە بەرزیان دەکردەوە بۆ گەشەپێدانو پێشخستنی کۆمەڵ.
٦_ دڵ ساردبونەوەو بێ ئومێد بوونی لاوان بەدەزگا دینی‌یە ڕەسمی‌یەکان.
٧_ سەرکوت کردنی بێ ڕەحمانەی دەزگا حکومیو سیاسی‌یەکان بۆ موسوڵمانانو بزافە ئیسلامیی‌یەکان.
٨_ سەرکەوتنی شیوعیەت کە دروشمی دژایەتی کردنی ئاینی بەرز دەکردەوەو هەوڵی ناردنو ڕەوانەکردنی ئەو بیرو باوەڕەشی دەدا بۆ ناو وولاتانی جیهانی ئیسلامی.
٩_ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی لەئێراندا کە بەچڵە پۆپەی خواستی‌بێداری لەقەڵەم دەدرا.

بێگومان ئەمڕۆ سەرکەوتنی ئەزموونی ئێرانی لەگۆڕینی سیستمی حوکمدا بەگەورەترین پاڵنەری بزافە ئیسلامیی‌یەکان دادەنرێت بۆ مکۆم کردنی ڕێکخستنەکانیانو دارشتنو دیاری کردنی چەشنی ئەو هەنگاوەی کە هەڵی دەگرن بەرەو پێك هێنانی کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئیسلامی.

# دەروازەی دووەم

# مێژووی سەرهەڵدانی ئیخوانو لموسلمین

هـەرس پێ‌هێنـان و ڕووخـانی خەلافـەتی ئیسـلامیی لەسەردەسـتی
(مصطفی کمال ئەتاتورك ) وگۆڕینی ناسنامەی تورکیا بە وولاتێکی عەلمانی
و ئەوەی وشوێننانەی کەگیرانەبەر بۆ سڕینەوەی ئیسلام و
ناسـەوارەکانی وەك قەدەغـەکردنی خوێندنـی ئـایینی لەقوتابخانـە
ڕەسمی‌یـەکانداو لەکارخسـتنی دادگـا شـەرعیەکان‌و بـەرگری کـردن
لەزیارەتی ماڵی خواو حـەج کـردن‌و دامـاڵینی حیجـاب‌و پۆشـاکی
ئیسلامیی لەژنان‌و قەدەغەکردنی فرەژنی‌و گۆڕینی ڕێ نووسی تورکی
لەپیتی عەرەبی‌یەوە بۆ لاتینی‌و قەدەغـەکردنی بـانگ لـەبڵند گـۆی
مزگەوتەکان‌و . . .هتد.

ئەمانەو چەندانی تـرو لەسـەرووی هەموویانـەوە لەدەسـت دانـی خەلیفەو خەلافەت زۆر لەسەر دڵی موسوڵمانان‌و جیهانی ئیسـلامیی گران کەوت، چونکە بۆ یەکەم جار بوو گەلانی موسوڵمان خۆیان بەبێ خەلیفە ببیننەوە، بۆ یـە دەسـت بـەجێ زانایـانی زانکۆی ئەزهـەر ڕووخاندنی خەلافـەتیان تاوانبـار کـردوو فـەتوایان دا کـە ڕەوانی‌یـە موسوڵمانان‌و جیهانی ئیسلامیی بەبێ خەلیفە بێننەوە.

دوابەدوای لەدەسـت دانی‌خەلافـەت وڵاتـە ئیسـلامی‌یەکان بـەك بەدوای یەکدا دەکەوتنـە ژێـر دەسـەڵاتی ڕاستەوخۆی داگیر کـەرە ئەوروپی‌یـەکان‌و ڕۆشنبیرو نوسـەرەکان ئەکەوتنـە ژێـر کاریگـەری شارستانیەتی ئەوروپی‌و ڕۆژئاوایی‌یەوە، تا لەئاکامدا چەند گۆڕانکاری گرنگ سەریان هەڵدا بەم شێوەیە:

## ١- نەتەوە گەری ( ناسیۆنالیستی ):

بەهۆی ئەوەی کە ئیسلام بەزمانی عەرەبی ناسراوەو شارستانیی‌و ژیاری ئیسلامیش لەزۆرکاتدا لـەژێر پارێزگـاری عەرەبـەکاندا بـووەو عەرەبیش حەزی لەسەربەخۆیی‌یە، پەیوەندی (عەرەبی، تورکی) گرژی

لیّ نەبڕاوەو ئەو گرژیو قەیرانەش لەبزوتنەوەکانی شۆڕشی (المهدی) لەسودانو (السنوسیه) لەلیبیاو (وەهابیەت) لەنەجدا جاروبار خۆی نواندوە. لەلایەکی دیکەشەوە بوونی مەسیحییەکان لەرۆژهەلاتو قیبتیەکان لەمیسر بەئەلقەی پەیوەندی نێوان جیهانی عەرەبیو شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەژمێردرێنو هەردەم مەسیحیو قیبتیەکان نەتەوەگەریان لەئامێز دەگرتو برەویان پێ دەدا بۆ ئەوەی وەك ئەلتەرناتیفێك لەدژی یەکڕیزی موسوڵمانانو کۆمەڵگەو خەلافەتی ئیسلامیی بەکاری بهێنن.

## ٢- عەلمانیەتو جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت:

چەند ڕۆشنبیرێکی عەرەب لەسۆنگەی دژایەتی کردنیانەوە بۆ ئیسلام بەناوی سۆزی نەتەوایەتیو نیشتیمان پەروەرییەوەدروشمی جیاکردنەوەی ئاینیان لەسیاسەت بەرزکردەوەو لەو کەسایەتیانەش (ساطع الحصري، الشیخ علی عبد الرزاق، د. طه حسین، قاسم أمین، سلامه موسی)و چەندانی تر.

## ٣- کەوتنە ژێر کاریگەری ڕۆژئاوا یان بەڕۆژئاوایی بوون (التغریب):

ئەم دیاردەو تیژە هاوکات لەگەڵ هێرشی داگیر کەرانەی ئەورووپییەکاندا بۆ جیهانی ئیسلامی سەری هەڵداو خوازیاری پیادەکردنی شارستانیەتو ژیاری ڕۆژئاوایی بوو بەوپێیەی کە ئەو ژیارە هۆکاری پێشکەوتنو خۆش گوزەرانییە.

لەم کەش‌و هەواو هەل‌و مەرجە ئالۆزەدا بزوتنەوەی ئیخوانو لموسلمین لەسەر دەستی پێشەوا (حسن البنا) وەکو هەولێك بۆ بەرەنگاربونەوە لەگەڵ ئەو قەیران‌و تەنگژە سیاسی‌یە ئالۆزانەدا بەبنەماو پرەنسیپە ئیسلامی‌یەکانیەوە بۆ بوژاندنەوەی ئیسلام‌و چاکسازی باری کۆمەڵگا سەری هەڵدا.

ئەم بزوتنەوەیە لەکاتێکی کەم‌و دیاری کراودا توانی‌هەموو ئەو بزاف‌و ڕێکخراوانەی کە دژایەتی‌و ململانێ‌و کێ بەرکێ‌یان بوو لەگەڵیدا بەجێ بهێڵێ‌و پێشەنگی کاری سیاسی ئیسلامیی لەناوەندی ساڵەکانی بیستەکاندا بۆ خۆی دەست بخات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە دیدێکی نیشتمان پەروەرانەی هەبوو وەئەتوانین بڵێین وەکو کاردانەوەیەکی خێرا وابوو دژ بەسیاسەتەکانی ڕۆژئاواو زاڵ بوونی ژیاری ڕۆژئاوایی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا.

ئیخوانو لموسلمین پەروەردەکردن‌و پێگەیاندنی وەکو هۆکارێکی سەرکەوتوو بەکارهێنا بۆ بەرپاکردنی ئەو گۆڕانکاری‌یەو توانی کۆمەڵگای ئیسلامیی ناچار بکات شان بداتە بەر ئەو ڕابەرایەتی‌و پێشەنگی‌یەی کە ئەمان بۆ بەدی هێنانی تێدەکۆشان. چونکە ئەم بزوتنەوەیە بزوتنەوەیەکە‌خوازیاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌یەولەڕێگەی چاکسازی‌و خەباتی بێ ووچانەوە هەوڵی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی‌و خولقاندنی گۆڕانکاری‌یە بنەڕەتی‌یەکان دەدات.

ئیخوانو لموسلمین مێژووی بزوتنەوەکەیان بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووەو لەم چەند خاڵەدا بەپێ‌ی ئەو هەل‌و مەرجە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌یانەی کە میسر پیایاندا تێ پەڕیوە ڕیز بەندی کراون.

## قۆناغی یەکەم:

دامەزراندنی بزوتنەوەکە لەلایەن پێشەوا (حسـن البنـا) لەساڵی (١٩٢٨ز)ەوە دەستی پـێ کردوکۆمەڵەکـە لـەم قۆناغـەدا ڕەهـەندی دینیو ڕۆشنبیریو چاکسازی لەخۆ گرتبوو.

## قۆناغی دووەم:

بەتیرۆرکردنو شەهید کردنی پێشەوا (البنا) لەساڵی (١٩٤٩ز)ەوە دەستی پێ کردو تاکۆتایی دەسەڵاتی (عبد الناصر، ١٩٧٠) درێژەی کێشاو ئەم قۆناغە گۆڕانکاریو ڕووداوی زۆر گرنگی لەئامێز گـرت، وەك هـەڵو مـەرجی بزوتنەوەکـە دوای تـیرۆرکردنی دامەزرێنـەرو پێشـەنگەکەیو ڕۆمـانی ئەفسـەرە سـەربەخۆ خوازەکـانو شۆڕشـی ١٩٥٢و داخسـتنی کۆمەڵەکـەو سـەرکوت کردنـی سـەرکردەو لایەنگرانیو بڵاوبونەوەی بۆچوونەکانی (سید قطب)...هتد.

## قۆناغی سێیەم:

بەئازاد بوونی ئیخوانەکان لەزیندانەکان سـاڵی (١٩٧٠) دەسـتی پێ کردو بەتیرۆرکردنی ئەنوەر ساداتو ئیمزاکردنـی ڕێکەوتننامـەی (کامب دیڤد)و سەرەتای دەست پێ کردنی چالاکییـەکانی (الجماعة الإسلامية)و بەشداری ئیخوان لەپەرلەمانی میسـریدا، کۆتـایی پێ هات.

## قۆناغی چوارەم:

ئەو گۆڕانکارییانەی لەخۆ گرت کە لەداگیرکردنی کوەیتو شەڕی کەنداوو وتووێژی (عەرەب _ ئیسرائیل)ەوە هاتنەکایەوەو هەڵوێستی ئیخوان لەبارەیانەوە.

# دەروازەی سێیەم

## خاڵەکانی هاوکاری و

## هۆکارەکانی جیاوازی نێوان ئیخوان - ئێران

بێ گومان باس لەچۆنیەتی پەیوەندی یەکانی بزاوتی ئیسلام خوازی ئێران و بزاوتی ئیسلام خوازی ئیخوانو لموسلمین پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی هاوئاهەنگی و ناهاوئاهەنگی ئەم دوو بزووتنەوەیە.

# بەشی یەکەم

## فاکتەرو هۆکارەکانی هاوکاری و پێك هاتنی هەردوو بزوتنەوەی ئیسلام خوازی ئێرانی و ئیخوانی

### (١) بیرۆکەی یەکێتی ئیسلامیی لەدیدی هەردوو بزوتنەوەکەدا:

یەکێتی و لێك گەیشتنو نزیك بونەوەی مەزهەبە ئیسلامی یەکان، بەیەکێك لەبنەما سەرەکی یەکانی فکری ئیخوان دەژمێردرێت. هەر ئەم دیدو بنەما فکریە گرنگەیە ئیخوانی پێ دەناسرێتەوە لەناو بزوتنەوە ئیسلامی یە سوننی یەکانداو کاریگەری بەرچاویشی هەیە لەپەیوەندی یەکانیدا لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلام خوازی ئێرانیداو بەخاڵێکی گرنگو بەبایەخ لەقەڵەم دەدرێ لەبواری لەیەك نزیك بونەوەیاندا.

لەدیدی ئیخواندا جیاوازی بۆچوونەکان لەبواری فیقهی و لەمەسائلە ووردەکاندا ڕەوایەو نیگەرانن بەخود پەسەندی و دژایەتی تاك ڕەوی و پاوان کردنی لێکۆڵینەوەی زانستی دەکەنو مەبەستیانە ڕاستی و حەق دەرکەوێ و خەڵکیش لەسەر ئەوە ڕادەهێنن کە یەکتر بخوێننەوەو

بەشێوازی نەرمو نیانو خۆشەویستی لێك تێ بگەن. واقعیش ڕاستی بۆچوونەکانی سەلماندونو شایەتی دروستی بۆچونەکانیان دەداتو بەمەش هەلیان لەکیسی دوژمنانیان داوەوناکۆکی نێوان سوننەو شیعەیان ساردکردوەتەوەو ڕایان گەیاندووە مادام لەسەر بناغەو ئەسڵە دینی یەکان پێك دەگەینەوە کەواتە ئەگەری لێك نزیك بونەوەو پێك هاتن بەدوور نازانرێت.

ئیخوان بەهەڵبژاردنی ئایدیای میانڕەوی، خۆیان لەکێشمە کێشی سیاسی نێوان شیعەو سوننە پاراستووەو سەرقاڵی نزیك کەوتنەوە لەناماکانیانو لەگەڵ ئەمەشدا لەبیریان نەچووەکە ئەم نەرمیو میانڕەوییە لەگەڵ شیعەدا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە دان بنێین بەدروستیو سەلامەتی بیرو بۆچوونەکانی شیعەبەتایبەتی لەبواری عەقیدەدا، بەڵکو لەبیریانە کە (توقیە _ التقیە) یەکێکە لەبنەما فیکریو سیاسیەکانی شیعەو کاری ڕۆژانەو تەعامولی سیاسی یان لەسەری دادەمەزرێنن..

بۆ ئەم مەبستەش ئەندامانو لایەنگرانیان ڕۆشن فکر دەکەنەوەو لەهەڵدێردەیانپارێزن، بەڵام هەڵسوکەوتی ئیخوان لەگەڵ شیعەدا لەسەر ئەو ڕەئیو بۆچوونە شەرعیەیە کە شیعە بەکافر نازانێو کۆمەڵێکن لەموسوڵمانان.

لەبەرامبەریشەوە بزاوتی شیعی سەرەڕای هەموو ئەو پیلانو ئاژاوانەی کە لەلایەن ناحەزانیەوە بۆی دادەڕێژرێ ئیستراتیجیەتی خۆی لەسەر بناغەی بانگەشەی یەکپارچەییو خۆ دوور گرتن

لەململانێی مەزهەبەکان دارشتووە، ئەمەش بەجوانی دەردەکەوێ لەپەیوەندی یەکانی نێوان (ئایەتوڵڵا کاشانیو قوومیو نەوواب سەفەوی) لەلایەکو (زانایانی ئەزهەرو دامەزرێنەری ئیخوان حسن البنا) لەلایەکی ترەوە...

لەدونیای واقعیشدا ئەم بنەمایە بەدی دەکرێو شۆڕشگێڕە ئێرانی یەکان لەپەیوەندی یەکانیاندا لەگەڵ جیهانی سوننیدا لاپەڕەیەکی نوێیان هەڵداوەتەوە، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان لەئێرانداو هەوڵی جی بەجێ کردنی بۆچوونو بنەما فکریەکانیان دەدەن لەسەر دونیای واقیع.

لەم بوارەشدا فەتواکەی خومەینی (سەبارەت پێویستی پابەند بوونیحوکمی قازیە سوننی یەکانو ڕەچاو کردنی ڕێو شوێنە سوننی یەکان لەڕێو ڕەسمی حەجدا) بەڕای لێکۆڵەرەوە سیاسیەکان بەخاڵێکی وەرچەرخان دەژمێردرێت لەپەیوەندی یەکانی نێوان سوننەو شیعەدا کە لەدێر زەمانەوە بەدرێژایی چەند سەدەی ڕابردوو هەنگاوی لەو بابەتە بەدی ناکرێ. دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕش شیعەکان پێیان دروستە لەدوای ئیمامە سوننی یەکانەوە نوێژی جەماعەت بکەن، کە پێشتر نوێژی لەم بابەتە بەبەتاڵ لەقەڵەم دەدراوهەروەها سانسۆر کردنو ڕێ گرتن لەنوسینو بلاوکراوەو هەرچەشنە نوسینێک کە کەشو هەوای یەکریزی لێڵ بکات.

بەم پێیە بزوتنەوەی شیعە چەند هەنگاوێکی گرنگو بەبایەخی هەلگرتووە لەبواری یەکریزیو یەکپارچەیی موسولمانانندا کە ئەکرێ بەنجە بخەینە سەر گرنگترینیان:

١-قۆستنەوەی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەر ﷺ و ڕاگەیاندنی هەفتەی یەکگرتن (أسبوع الوحدة)و سازدانی چەندین کۆڕو کۆنگرەو کۆبونەوە بەمەبەستی خستنە ڕووی بۆچوونەکانو لێک گەیشتنی زیاتری نێوان مەزهەبەکان.

٢- یارمەتی دانی ناوەندو دامەزراوەئیسلامیەکانو دامەزراندنی ڕیکخراوو ئەنجومەنی ئیسلامیی لەدەرەوەی وولات بۆ بوژاندنەوەی (مجمع دار التقریب بین المذاهب الأسلامیة).

٣- گرنگی دان بەناوچەو پارێزگا سوونیەکان.

٤- ڕەچاوکردنی ڕۆشنبیری سیاسی ئیسلامیو ڕێو شوێنی تایبەت بەسوونیەکانەوەو ڕێزگرتن لەکەسایەتییە ناودارەکانی جیهانی سوونیو ناوزەد کردنی چەندین جادەو شەقامو ناوەندی زانستیو خوێندنگا بەناوی ئەو کەسایەتییانەوە.

## (٢) هەڵوێستی هەردوو بزوتنەوە لەمەڕ نەتەوایەتی؛

ئیخوان ئەو شکستەی ساڵی (١٩٦٧ز)ی عەرەبەکانی لەبەرامبەر ئیسرائیلەوە خستنە ئەستۆی نەتەوە پەرستەکانی عەرەبو ئەوانی بەبەرپرسیار زانی لەو سەرشۆڕییەی کە هات بەسەر موسوڵمانانو عەرەبدا بەگشتی.

ئیخوان پێیان وایە کە ناکرێ بیروباوەڕی گەلی فەلەستین لەچەكو خەباتەکەی جیابکرێتەوەو ئەو هەڵە گەورەیەی کە سەرکردەکانی ڕێکخراوی ئازادی خوازی فەلەستین (راف) پێی هەستانو بوە هۆی ئەوەی چەکیان لەدەستیخەباتکاران سەندو، وەبەرخۆیانیان دان بەرەو مەدرید، هەمووی دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە چەوتانەیە کە سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە گرتویانەبەر.

لەبەرامبەریشەوە بزاوتی ئیسلام خوازی ئێرانی سەبارەت بەم کێشەیە هاودەنگە لەگەڵ بزوتنەوەی ئیخواندا و ئەمیش خۆی بەبەش خوراو و ستەم لێکراوی دەستی سیستمی پاشایەتیو حزبە قەومیەکانینەیاری دەزانێ، کە لەلایەن ڕۆژئاواوە پشتگیرییان لێ دەکرێ.

لەدیدی هەردووکیاندا نەتەوە پەرستی ڕێگرە لەبەردەم یەکگرتنەوەی گەلانی ئیسلامیداو لەلایەکی تریشەوە یەك دەنگن لەسەر ئەوە کە نیشتمان پەروەری ناوکرۆکی بیر کردنەوەی هەردوو لایانەو بەڕای هەردوولا نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری دووشتی جیاوازنو دووەمیان پەسەندە لایان. لەسەر ئاستی عەرەبیدا ئیخوان

پێیان وایە عەرەبایەتی خاڵێکی یەکگرتنی ژیاریە نەك نەتەوەگەریو نەتەوە پەرستی، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ یەکگرتنەوەی گەلانی موسوڵمان، بەڵام ئیسلامیە ئێرانیەکان پێیان وایە ئەگەر نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری لەسەر بناغەی ئیسلامی دانەمەزرێ شەرعیەتی نیەو نابێ کاری لەسەر بکرێ. سەرەڕای ئەوەی کە هەردوولا کۆکن لەسەر ئەم چەمکە، بەڵام ئێران توانجی لەهەڵوێستی ئیخوان گرت لەبارەی شەڕی نێوان (عێراق-ئێران) کە بەبۆچوونی ئێرانیەکان لەبەر عەرەب بوونی عێراق ئیخوان ئیدانەی شەڕەکەو هەڵوێستی عێراقی نەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئیخوان توانجی لەئێران دەگرت لەسەر چەند بەندێکی دەستور کە یەك لەوانە بەمەرج گرتنی فارسی بوونو شیعە بوونی پشتاوپشتی هەردوو سەرەی ئەو کەسەیە کە هەڵدەبژێردرێ بۆ سەرۆکی وولات، کە ئەمە بەپاشماوەی نەتەوەگەری دەژمێردرێ لەئێرانیەکاندا.

## (٣) کێشەی فەلەستینو ئازادکردنی قودس:

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە ئەم بابەتە دیارترین خاڵەکانی پەیوەندی نێوان هەردوولایەو یەك دەنگن لەبەرامبەریەوەو ئەو یەك دەنگیەشیان لەم تەوەرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ:

## * ڕەهەندە ئایینییەکانی قەیرانەکە

لەدیدی ئیخوانو لموسلمین دا کێشەکە کێشەیەکی مێژوویی بەر ڕەهەندی عەقیدی هەیەو شەڕێکی ئایینی سەرو سامان سووتێنەر لەنێوان موسولمانانو جولەکەداو قوولاییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەلدانی ئایینی ئیسلام.ئەم تێڕوانینەی ئیخوان بۆ جولەکە زایۆنیەکان تۆخمێکی ئاشکراو بەرچاوە لەبیرکردنەوەو بلاوکراوەو هەلوێستەکانیاندا بەرامبەر بەجولەکەکان لەفەلەستیندا.

دەبینین بەهەمان ئەو شێوەی کە قورئان باسی جولەکەی کردووە ئەمانیش ئاکارو سیفەتەکانیان دەخەنە ڕوو بە(خیانەت کارو تێکدەرو خەلەتێنەرو ئاژاوەگێڕو بکوژانی پێغەمبەران). ناویان دەبەن دەیانناسێننو پەنجەی تاوانکاری دەخەنە سەر ئەو کارە نابەجێیانەی کە جولەکەکان بەرامبەر بەشوێنە پیرۆزەکان پێی هەل دەسن لەفەلەستیندا، بەلام بزاوتی ئیسلام خوازی ئێرانی هەرچەندە هاودەنگی ئیخوانە سەبارەت بەناپەسەندیو ئاژاوەگێڕیەکانی جولەکەو هەمان بیروباوەڕی هەیە لەبارەیانەوە، بەلام زیاتر داکۆکی لەسەر ڕەهەندە سیاسیەکەی کێشەکە دەکاتو کاری لەسەر دەکات. ئەمەش بەڕوونی لەقسەو دەربڕینی لێپرسراوانو تەنانەت لەسەر زاری خەلکیشەوە دەردەکەوێ کە زیاتر ووشەی زایۆنی بەکاردەهێنن تا جولەکەو، ئیش لەسەر ئەو بنەمایە دەکەنو تیشکی دەخەنە سەر کە دەلێ: (جولەکە ئەهلی پەڕاوی ئاسمانینو لەکاتی جەنگو سەرکەوتنی موسولمانانا بەسەر زایۆنیەکاندا ئەوان پارێزراو دەبن).

# تەنها ئیسلام چارەسەرە

بەبیروڕای ئیخوانو لموسولمین لەبەرئەوەی کە کێشەو قەیرانەکە ڕیشەی ئایینیو عەقیدی هەیە، تاکە چارەسەر بۆ ئازادکردنی سەر زەمینە داگیرکراوەکان پشت بەستنە بەئایینی ئیسلامو خەباتی چەکدارانە، بۆچە ئەسپارنی ئەم بۆچوونەش دەبینین هەموو هەوڵو بۆچوونە (مارکسی، لیبرالی، ناسیونالیستی)یەکان بێ ئاکام ماونەتەوەو هەرەسیان هێناوە. پێویستە ئەوە لەیاد نەکرێ کە کێشەی فەلەستین کێشەی هەموو موسوڵمانانە نەك تەنها کێشەی عەرەب.

ئیخوانو لموسلمین پێیان وایە کە نەتەوەی عەرەبی قولاییەکی ستراتیژیو دووری هەیە لەکێشەکەداو خەبات لەپێناو ئازادکردنی فەلەستینو سەر لەنوێ شکاندنی جولەکە فەرزی عەینە لەسەرموسوڵمانان بەگشتی.

شۆڕشگێڕە ئێرانیەکانیش هەمان بۆچوونی ئیخوانیان هەیە لەبارەی کێشەکەوە، سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیش ئەوە ڕادەگەیەنن کە تەنها چارەسەری دینی کێشەکە بنەبڕ دەکاتو دەیگەیەنێتە ئاکام نەك هیچ چارەسەرێکی دی، بەڵام تەوەرەی خیلافو جیاوازی نێوان هەردوو بزوتنەوەی ئیخوانیو ئێرانی لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ئایا! تەوەرەی سەرەکی بزووتنەوە ئیسلامیەکان چیە؟ کێشەو قەیرانی فەلەستین؟ یان پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامی؟ لەکاتێکدا کە ئێرانیەکان زۆرینەی هەوڵو تێکۆشانەکانیان خستۆتە گەڕ بۆ کوشتاری ئیسرائیلو ئازادکردنی سەر زەمینە

داگیرکراوەکانو بەبایەخەوە داوای یەکخستنو کۆکردنەوەی هەوڵە ئیسلامیەکان لەناوخۆو دەرەوەی فەلەستیندا دەکەن بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ئیخوانو لموسلمین پێیان وایە کە کێشەی فەلەستین لەڕووخانو لەدەستدانی سیستمی سیاسی ئیسلامیو نەبوونی دەوڵەتی موسوڵمانو خەلافەتی ئیسلامیەوە سەرچاوە دەگرێو دەرهاویشتەی ئەو حاڵەتەیە.

هەر بۆیە پێیان وایە کە ئازادکردنی فەلەستین دەست نادات تاوەکو دەوڵەتی ئیسلامی دانەمەزرێو موسوڵمانان خۆیان لەڕووی پەروەردەکردنو پێگەیاندنەوە سازنەدەن بۆ هاتنەکایەی ئەو دەوڵەتە، پاشان ڕیزەکانو هەوڵەکان یەک بخەن بۆ ئازادکردنی فەلەستین.

## * ڕەهەندە سیاسیەکانی قەیرانەکە

**ڕەت کردنەوەی دانوستانو سازشکاری لەگەڵ زایۆنیەکاندا:**

ئەم خاڵەش سەبارەت بەکێشەی فەلەستین سێیەم ڕەهەندە کە هەردوولا کۆکن لەسەریو ئیخوانو لموسلمین هەر لەسەرەتاوە پابەندی ئەم بنەمایە بوونو بەبێ ئازادکردنی تەواوی سەر زەمینە داگیرکراوەکانو دەستەبەر کردنی هەموو مافەکانی خەڵکی فەلەستین، ڕەفزی هەر جۆرە سازشکاریو ئاشتیەکیان کردووە لەگەڵ ئیسرائیلدا.

هۆکاری سەرەکی پچڕانی پەیوەندیو هاوکاری نێوان ئیخوانو لموسلمینو ئەنوەر سادات، ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی (کامب-

دیڤید)و سەفەری سادات بوو بۆ ئیسرائیل سالّی ١٩٧٨، شۆرشگێرە ئێرانیەکانو لەسەروی هەموویانەوە (ئیمام خومەینی) بەهەمان شێوە دژی هەر چەشنە سازشکاریەکنو سەبارەت بەرێکەوتننامەی (کامب-دیڤید)و سەفەری سادات بۆ ئیسرائیل. (ئیمام خومەینی) هەر لەو کاتەداو پێش سەرکەوتنەکانی شۆرش لەئێراندا رێکەوتنو سەفەرەکەی ساداتیان ئیدانەکردو بەسەرپێچی ئیسلامو خیانەت لەبەرژەوەندیەکانی موسولمانانیان لەقەلّەم دا.

سەبارەت بەکۆنگرەی (مدرید) ئیخوانو لموسلمین بەهەموو لقەکانیانەوەو سەرکردە ئێرانیەکانیش بەهەمان شێوە کۆنگرەکەیان بەکۆنگرەی فرۆشتنی فەلەستین ناوزەد کردو لەقەلّەمیان دا.

سەبارەت بەو کۆمەلّو رێکخراوە ئائاینیانەی کە لەپێناو فەلەستیندا خەبات دەکەن، هەردوولا هاودەنگن لەوەدا کە بەگومانەوە سەیریان دەکەنو بەگومانیشەوەن کە دلّسۆز بن بۆ کێشەکە.

سەرەرای ئەو هەموو دۆستایەتیو پەیوەندیە دوو قۆلّیەی نێوان ئێرانو (رێکخراوی ئازادی خوازی فەلەستین -راف-)و رێکخراوەکانی دی. بەلاّم هەر کۆماری ئیسلامی هاودەنگی ئیخوانە لەبەگومان بونیانداو سەبارەت بەو رێکخراوانە یەکدەگرنەوە، ئەویش بەهۆی هەلّوێستی (راف) بەرامبەر بەئێرانوشەری (ئێران-عێراق)و ئەو کۆنگرانەی کە بۆ ئاشتیو سازش دەیانگرێتولەشێوازی خەباتەکەیدا دژی ئیسرائیل.

ئەو هەڵوێستە هاوبەشەی هەردوولا بەرامبەر (ڕاف) لەسەر ئەم پایەو بنەمایانە دادەمەزرێ:

١- هەردوولا ناڕازین بەدامەزراندنی حکومەتی عەلمانی لەفەلەستیندا کە (ڕاف) بانگەشەی دامەزراندنی دەکات.

٢- هەردوولا ناڕازین بەدامەزراندنی حکومەتێکی کاتی لەبەشێکی دیاری کراوی فەلەستیندا.

٣- هەردوولا ناڕازین کە (ڕاف) بەشداری هەر چەشنە دانیشتنێك و کۆبونەوەیەك بکات لەگەڵ ئیسرائیل داو بەڕەسمی دان بەبونیدا بنێت.

## بەشی دووەم

## هۆکارو فاکتەرەکانی جیاوازی نێوان هەردوو بزوتنەوەی ئیسلام خوازی ئیخوانی و ئێرانی

ئەگەر ئەو خاڵانەی کە ڕابورد بەهۆکارو فاکتەری لێك نزیك بوونەوەو لێك گەیشتنی ئەم دوو بزوتنەوەیە دابنرێت. لەبەرامبەریشەوە چەند هۆکارو فاکتەرێك هەن کە دەکرێ بەلەمپەر ناوزەد بکرێن لەڕێگەی پەیوەندیەکانی هەردوولاو ئەو لێك نزیك بوونەوەو پێك هاتنەدا.

**ئەو کۆسپانەش دوو چەشنن:**

أ- فاکتەرە فیکریەکان

ب- فاکتەرە سیاسیەکان

سەرەتا فاکتەرە فیکریەکان خۆیان لەم کێشەو گرفتانەی لای خوارەوەدا دەنوێنین:

**(١) حکومەت و چۆنیەتی پێکهێنانی بەلای هەریەک لەم دوو بزوتنەوەیەوە:**

پێشەوا (حسن البنا) پێی وایە کە ئەسڵ لەئیسلامدا جۆشدانی دین و دەوڵەتە پێکەوەو ئیسلام ئاینێکی گشت گیرە.

ئیخوان تێڕوانینیان بۆ خەلافەت یان حکومەتی ئیسلامی ئەوەیە کە یەکێکە لەپایە سەرەکیەکانی ئیسلام و ناکرێ پشت گوێ بخرێ و لەم پێناوەشدا ئیخوان بەردەوام لەخەباتدان و شێوازی خەبات و هۆکاریان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە کاری سیاسی و گەیشتنە بەدەسەڵات و بانگەشەکردنی لێپرسراوانە بۆ پرۆگرامی ئیخوان بەمەبەستی سەرخستنی ئیسلام و پیادەکردنی.

ئیمام (خومەینی)ش بەهەمان شێوە لەسەرەتای سەرهەڵدان و کاری سیاسیەوە پێی دادەگرت لەسەر زەرورەت و گرنگی پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامی و پێکەوە گرێدانی دین و سیاسەت هەروەکو چۆن پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەمەدینەدا حکومەتی پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگاو پیادەکردنی یاسا ئیسلامیەکان. کە ئەمەش بەبێ حاکم و فەرمانڕەوایەکی موسوڵمان و دام و دەزگای حکومی نایەتە دی.

هەرچەندە هەردوولا هاوئاهەنگ و کۆکن لەسەر زەرورەتی بەرپاکردنی حکومەتی ئیسلامی و جێ بەجێ کردنی شەریعەت و

گرێدانی ئاینو سیاسەت پێکەوە، بەڵام ناکۆکیەکەیان لەوەدا سەر هەڵ دەدات کە ئایا مەفهومی هەریەکەیان بۆ حکومەتو حاکم چۆنەو چۆنی لێ حاڵین، جیاوازیەکە زیاتر کاتێك قوڵ دەبێتەوە کە باس لەچۆنیەتی ڕێو شوێنی جێ بەجێ کردنی شەریعەت دەکرێ، بەڵام ئەم حاڵەتە بەبۆنەی بڵاوەکردنو بەهێزبوونی بێداری ئیسلامی لەسەرانسەری جیهانداو بەرپاکردنی ڕاپەڕین دژی سیاسەتەکانی جولەکە لەناوخۆی فەلەستیندا گۆڕانکاری بەرچاوی هێنا بەسەر دیدی ئیخوانو لموسلمین داو سەبارەت بەکێشەکە لەبانگەوازو پەروەردەکردنەوە گۆڕدران بۆ بزوتنەوەیەکی خاوەن گوتارو پرۆگرامو کاری سیاسی.


ئیخوان سەرەڕای ئەو واقیع بینەیەی کە بوەتە دیارترین ئاکاریانو ڕەنگیشی داوەتەوە لەپرۆگرامو بۆچوونو تێڕوانینیاندا بۆ ئەو هەلو مەرجە سیاسیو کۆمەلایەتی یەیکە تیایدا دەژینو ئەو قەناعەتو بیرو باوەڕەی کە هەیانە سەبارەت بەزەرووەرەتی پێکەوە گرێدانی دینو سیاسەتو سەرەڕای ئەمانە هەمووی کەچی هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان قوتار کەن لەو کاریگەری یە رۆحیو فکریو عەقیدیو سیاسی یەی کە مەزهەبی سوونی هەیەتی لەسەریان.

هەر لەو سۆنگەیەوە ئیخوان زۆر شەخصی حاکمو ئاکارو سیفەتەکانیو کاتو چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی حوکمە شەرعیەکان گرنگ نی یە بەلایانەوە،بەڵکو گرنگ ئەوەیە حوکمەکان جێ بەجێ بکرێن، ئیتر گرنگ نیە لەسەر دەستی چ کەسێك بێتو هەڵ

گەڕانەوەو دژایەتی‌کردنی فـەرمانڕەوایش بەلایانـەوە دروسـت نی‌یـە، گەرچی ستەمکارو تاوانباریشبێت.

لەڕوویەکی تریشـەوە ئیخـوان جیـاوازی دەکـەن لـەنێوان حـاکمو حکومەتدا بەڕای وان دەگونجێ حکومـەتێك کافر بێتو حاکمەکەی ئەو حوکمەی نەبێتو بەپێچەوانەشەوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە پێیـان وایـە ناکرێ جیهادو خەبات بەرپا بکرێ بەرووی حاکمی موسوڵماندا، بەڵام شیعە گرنگی‌یەکی زۆر دەدەنە حـاکمو حکومـەت پێکـەوەو لێکیـان جودا ناکەنەوە بەڵکو گرنگی‌یەکی زیاد دەدەنە حاکمی دینیو ئاکـارو سیفەتەکانیو ئەو مەرجـە گرنگانـەی کـە بەبنچینـەی حوکمەکـەی دەژمێردرێنو ئەوەندە گرنگی دەدەن بەدادپەروەری حاکمو داکۆکی لەو سیفەتەی دەکـەن بەڕادەیـەك حـاکمو فـەرمانڕەوای ناموسـوڵمانی دادپەروەریان لا پەسەندترە تاوەکو حـاکمو فـەرمانڕەوای سـتەمکارو تاونکاری نادادپەروەر.


کورتیەکەی شیعەو بۆچوونی شیعی هاوملی شۆڕشە دژی سـتەمو خراپەکاری.



## (٢) هەڵوێستی هەردوو بزوتنەوە سەبارەت بەخەلافەتی ئیسلامیی (وەك سیستمێك بۆ حوكمڕانی)

دیدی ئیخوان بۆ خەلافەت زیاتر لەوەی کە بەدەزگایەکی (تەنفیذی) سەیری بکەن، وەکو هێمایەکی سیاسیو نیشانەی یەکگرتنی موسوڵمانانو دیاردەی پەیوەندی نێوان گەلە موسوڵمانەکانەو خەلیفە یان سوڵتانیش ئەو کەسەیە کە دەبێتە کۆکەرەوەی هەموانو دڵەکان بەیەك دەگەیەنێو لەدەوری کۆ دەبنەوەو خەلیفە هۆکاری زۆرێك لەحوکمە ئیسلامیەکانە.

بەم پێیە ئەگەر گەڕاندنەوەو سەر لەنوێ هێنانەوە کایەی خەلافەت (بەو شێوازەی کە باس کرا) ئامانجی ئیخوانو ڕابەرانی ڕابونی ئیسلامیو بەدیلی دەسەڵاتی سیاسی بێت، لەبەرامبەرەوە ئێرانیەکان داکۆکی دەکەنە سەر ماناو مەبەستی کۆماری ئیسلامی بەهەموو واتاو میکانیزمەکانیەوەو پێی لەسەر دادەگرنو خوازیاری دەسەڵاتی فەقێ (ولایە الفقیە)ن.



## (٢) جیاوازی تێڕوانینی هەریەك لە ئێران و ئیخوان سەبارەت بەبلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

لەسەرەتای دامەزراندن و سەرهەڵدانیانەوە ئیخوان بەتیۆرو بۆچوونەکانیان دژایەتی هەردوو سەربازگەو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان کردووە، ڕەهەندی عەقیدی و بیروباوەڕ هۆکاری سەرەکی دژایەتی کردنیان بوو بۆ (مارکسیەت) و دژایەتی کردنیشیان بۆ ڕۆژئاوا لەڕەهەندی لێك هەڵوەشان و لەشێوازە دەرچوونی کەلتوری ڕۆژئاواو داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیا و ڕۆڵی بەریتانیا لەداگیرکردنی فەلەستینداو جێ نشین کردنی جولەکەکان تیایدا سەرچاوە دەگرێت، گەر جاروباریش نەرمی یان لەپەیوەندیەکانیاندا نواندبێت لەگەڵ شای میسرو هەرکەسێکی دیکەدا تەنها لەبەر بەرژەوەندی و ڕەچاوکردنی هەل و مەرجی ئەو دەمەبووە.

بەهەمان شێوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەرچەند دروشمی نەشەرقی و نەغەربی یان بەرزکردەوە. بەڵام یەك هەڵوێست نەبوو بەرامبەر بەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، سەبارەت بەهەڵوێستی لەمەڕ بلۆکی ڕۆژهەڵاتی یەوە هیچ چەشنە هاوکاری و لێك نزیك بونەوەیەك بەدی نەکراوە لەنێوان کۆماری ئیسلامیی و تەوژم و کۆمەڵە شیوعیەکاندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەبۆنەی بوونی جیاوازی عەقیدی و هەڵوێستی حزبە شیوعیەکانەوە لەجیهانی ئیسلامی داو هەوڵی دژایەتی کردنی ئاین و دووبەرەکی دروست کردنیانەوە لەکۆمەڵگادا دوژمنایەتی یەکی توندوتیژ لەنێوانیاندا بەدی دەکراو؛ کۆماری ئیسلامیی شیوعیەت و

سەرمایەداری بەیەك چاو سەیر دەکردو لەیەك تای تەرازوودا دای دەنان و هەردوو سەربازگەو بلۆکەکەی بەدووهێزی دوژمنکارو ناحەزی خۆی سەیر دەکرد.

بەپێچەوانەی ئیخوانەوە زۆرینەی دوژمانیەتی یەکەی ڕووبەڕووی ڕۆژئاواو لەسەروی هەموشیانەوە ئەمەریکا دەکردو زیاد لەڕۆژهەڵات بەڕۆژئاوا ناکۆك و نەیارن. ئەم جیاوازی تێڕوانینەش بەیەکێك لەفاکتەرەکانی جیاوازی نێوان ئەم دوو بزوتنەوەیە لەقەڵەم دەدرێ و هۆکاری جیاوازی یەکەش بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

أ- هۆکاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشینە مێژوویەی کە بەدرێژایی دوو سەدە ئێران لەژێر دەسەڵاتی ڕۆژئاوادا بەسەری بردو لەماوەی ئەو دوو سەدەیەدا ئێران لەڕوی سیاسی و ئابوری و سەربازی یەوە لەژێر سیاسەتەکانی ڕۆژئاوادا دەیناڵاندو تا لەئاکامدا بوو بەهۆی دابەش کردنی ئێران و کودەتاکەی ڕەزا شا لەساڵی ۱۹۵۳ و پشت گیری بێ سنوری ڕۆژئاوا بۆ شای ئێران بەمەبەستی سەرکوت کردنی گەلی موسوڵمانی ئێران و بزووتنەوە ئیسلام خوازی یەکەی.

ب- دیدو تێ ڕوانینی ئێران بۆ ڕۆژئاوا جیایە لەتێ ڕوانینی ئیخوان کە بەلایانەوە ڕۆژئاوایی یەکان ئەهلی پەڕاوە ئاسمانی یەکانن و ڕۆژهەڵاتیش کافرن، بەلای ئێرانی یەکانیشەوە ڕۆژئاوا کافرەو ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵیان مانای کوفرو ئیمانە.

ج- ئێرانی یەکان پێیان وابوو کە جوڵەو چالاکی حزبە شیوعیەکان لەئێراندا دەڕژێتە بەرژەوەندی ئەمەریکاوە نەك بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەتی جاران.

## (٤) شێوازی چاك سازی و شێوازی شۆڕش گێڕی (الإصلاح والثورة)

هەرچەندە ئیخوانو لموسلمین وەکو بزوتنەوەیەکی ئیصلاحی ناسراوەو مۆرکی شۆڕش و کودەتاگەری پێوەنی یە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەدووری نازانێ لەکاتی پێویستیداو بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی لەفرسەت بگەڕێ بۆ بەدەست خستنی هێزو پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی لەهەل و مەرج و ڕێ و شوێنی گونجاودا، سەبارەت بەم بۆچوونەش پێشەوا (حسن البنا) توخم و سەرچاوەکانی هێز بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕیز بەندی دەکات و دەڵێ: (هێزی عەقیدەو بیروباوەڕ، پاشان هێزی برایەتی و یەکێتی و یەك بوون، پاشان هێزی باسك و بازوو).

بەهەمان شێوە بانگەوازیشی بەسێ قۆناغ قۆناغ بەندی کردووە، بەمەبەستی بەهێزکردنی ئەو توخم و سەرچاوانەی کە هێزیان لێوە وەردەگیرێ:

**أ- قۆناغی ناساندن و جاڕدانی بیروباوەڕەکەو ناساندنی بەخەڵکی.**

**ب- قۆناغی خۆ سازدان و یەك خستنی تواناکان.**

**ج- قۆناغی جێ بەجێ کردن و ڕاپەڕاندن و کارو بەرهەم هێنان.**

بەکرداریش پێشەوا (حسن البنـــا) هێزی سەربازی بەکارهێناو لەشەڕی فەلەستینو جەنگی سوەیسو باڵی سەربازی ناوخۆدا. جێنشینو خەلیفەکانی (حسن البنا) بەردەوام بوون لەسەر نەخشەکەی بانگەوازی ئیصلاحیو ئەنجام دانی چالاکی یەکان لەچوارچێوەی یاسای وڵات داو خۆبەدوور گرتن لەدیاردەی توندوتیژیو هەوڵی پێك هێنانی حزبی سیاسیو کارکردن بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی کۆمەڵەی لەژێر شەرعیەتو یاساداو چوونە ناو پەرلەمانو داکۆکی کردن بۆ پیادەکردنی شەرعیەتی ئیسلامی.

بەهەمان شێوە بزووتنەوەی ئیسلامی ئێرانیش کۆشاویەتی بۆ جێ بەجێ کردنی شەریعەتو پێك هێنانی حکومەتی ئیسلامی لەهەموو وڵاتە ئیسلامی یەکان داو باوەڕی بەکاری ئیسلامیو پەروەردەکردن هەیە. بەڵام خۆی قەتیس نەکردووە لەوقۆناغەداو پەنای بردوەتەبەر هەموو ئەو هۆکارو شێوازانەی کە خۆی بەگونجاوو شیاو یان بزانێ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی.

## ( ب ) فاکتەرە سیاسیەکان :

بەڕای نوسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێراندا، سەرکەوتنی شیعەکانو بوژانەوەی بیرو بۆچوونەکانیان بوو لەسەرانسەری جیهاندا. هەروەها هەموو هەنگاوێك کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو پێشی دەنێ دەکەوێتە ژێر چاودێریوسەرنجی جیهانی سوننیو هەژاندنی ناخیانی بەدوادادێت.

ئەو هەنگاوانەی کە لەبواری یەك بووندا شۆڕشی ئێرانی هەڵی دەگرتو هەروەها هەڵکردنی لافیتەی یەکبوون خوازی (الوحدة)

بوونە هۆی بەرزکردنەوەی ئومێدی ئەهلی سوننە بەشۆڕشەکە، بەرادەیەك کە سوننی‌یەکان داکۆکی کردنەوەی شیعەکانیان لەسەر بەرنامەی شیعەیەتی شۆڕش بەلادان لەهێڵی شۆڕش‌و ئامانجەکانی ئاسنامەی شیعەیەتی شۆڕش... هێرشیان دەکردە سەر.

لەگەڵەم دەداو بەتوندی هێرشیان دەکردە سەر.

لەگەڵ ئەم دەداو زەق بوونەوەی دەرکەوتنی چەند هۆکارێك لەم بوارەداو زەق بوونەوەی دەرکەوتنی هەردوولا (سوننەو شیعە)و پاشان دەرکەوتنی هەڵوێستەکانی هەردوولا، بوو بەهۆی سست کردنی ئاسەوارەکانی ئەو جیاوازی‌یە، بوو بەهۆی سست کردنی پەیوەندی‌یەکانی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی ئێرانی‌و کۆمەڵەی ئیخوانو لموسلمین کە بەگەورەترین کۆمەڵە ئیسلامیی‌یە سوننی‌یەکان‌و سوننییانە دەژمێردرێ.

دیارترین نموونەی بیرکردنەوەی سوننییانە دەژمێردرێ. دەکرێ گرنگترینی ئەو هۆکارانەی کە ئەم جیاوازیەیان لی کەوتەوە بەم شێوەیە دەست نیشان بکرێن:

أ- بوژانەوەو ڕاپەڕینی شیعەکان لەولاتە ئیسلامی‌یەکان‌و ناوچە شیعە نشینەکاندا.

ب- کۆبونەوەی لاوان لەدەوری مەزهەبی شیعەو دارِشتنی بانگەوازی شیعی لەوولاتدا.

ج- پێك دادان‌و ململانێ کاتی‌یەکانی نێوان پەیڕەوانی هەردوو مەزهەبی سوننی‌و شیعی.

د- ناکۆکی‌یەکانی ناوخۆی ئێران.

ه- هێرشی بەرفراوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وولاتە عەرەبی‌یەکان دژی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی‌و مەزهەبی شیعی.

# دەروازەی چوارەم

## پەیوەندیەکانی نێوان

## ئیخوانو لموسلمینو شۆڕشی ئیسلامیی ئێران

نووسەر بەووردی بەدوادا چوونی کردووە لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی لاوازکردن یان بەهێز کردنی ئەو پەیوەندیانەو پەیوەندیەکانی بەدوو قۆناغ قۆناغ بەندی کردووە، یەکەمیان پێشینەی پەیوەندیەکانی نێوانیان پێش سەرکەوتنی شۆڕش، دووەمیان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران سالّی (١٩٧٩ز).

سەرەڕای ژوانی فکری نێوان هەردوو بزووتنەوەکەو هاوکاری‌و پشتیوانی کردنیان بۆ یەکتر، سەرهەڵدانی پیاوانی شۆڕشگێڕو چاکەخوازو واقع بین‌و خوازیاری یەکرپیزی وەك (آية الله کاشانی، حسن البنا، آية الله قمی، عمر التلمسانی، نوّاب صفوی، شیخ شلتون...... هتد) ڕۆڵی خۆی بینی لەزیاتر نزیك کردنەوەو بەکخستنی گۆشەنیگاکانی هەردوولادا.

سەرهەڵدانی کێشەی فەلەستین‌و پشتگیری بەریتانیا بۆ جێگیرکردنی جولەکەکان لەفەلەستین‌و گرژبوونی پەیوەندیەکانی نێوان میسرو ئێران بەهۆی بەڕەسمی ناسینی ئیسرائیل لەلایەن شای ئێرانەوە لەسالّی ١٩٦٠ فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەرەو پێشەوە چوونی پەیوەندیەکان‌و لێك نزیك بونەوەی شیعەکانی ئێران‌و عەرەبە سوونیەکان.

هەروەها دامەزراندنی (دار التقرب بين المذاهب) ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەنزیك کردنەوەی بیروبۆچوون‌و پەیوەندیەکانی نێوان ئیخوان‌و

ئیسلامیە ئێرانیەکانو دۆخێکی تازەیان بەخۆوە بینیو چەندین کارو پڕۆژە بەهۆی پشتگیری ئیخوانەوە سەرخران وەك: ڕاگەیاندنی ئیسلامی بوونی شۆڕش بەدونیای ئیسلامیو ڕوخاندنی شای ئێرانو دژایەتی کردنی فەسادو بەدڕەوشتیو داکۆکی کردن لەیەك ریزی موسوڵمانانو پشت گیری شۆڕشی فەلەستینو موسوڵمانانی جیهانو ڕوو بەڕوو بونەوەی شۆڕش لەگەڵ هەموو بزوتنەوە شیوعیو نەتەوە پەرستەکاندا.

لەگەڵ ئەمەشدا پاش سەرکەوتنی شۆڕش چەند ڕووداو پێش هاتێك ڕوویاندا کە جێگەی ناڕەزاییو نیگەرانی ئیخوان بوونو نارازی بوونی خۆیانیان ڕاگەیاند لەسەر کارەکان لەوانە:

- ئەو ڕوو بەڕوو بونەوەو شەڕە خوێناویانەی نێوان شۆڕشو نەیارەکانی.
- بڕیارەکانی دادگای شۆڕش.
- داکۆکی کردنەوەی دەستور لەسەر شیعە بوونو فارسی بوونی سەرۆك کۆمار.
- دیاری کردنی ولایەتی فەقێ وەك سیستەمی حوکم لەئێراندا.
- بالا دەست بوونی پیاوانی ئاینی (رجال الدین).
- پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ کاربەدەستانی سوریا.
- درێژە پێدانی شەڕی نێوان عێراقو ئێران.

ئەمانە هەمووی بوونە هۆی لاواز بوونی پەیوەندی نێوان ئیخوانو ئێرانو پاشان سەرهەڵدانی قەیران لەنێوانیانداو سەرەڕای ئەمانەش

ئیخوانی ووڵاتانی عەرەبی دڵ خۆش بوون بەسەرکەوتنی شۆڕش و بروزبابی گەرمیان لەڕێبەرانی دەکردوو بەهیوای ئاسۆی سەرکەوتنیان وادەنا، بەتایبەت لە(سودان، تونس، ئەردەن، لوبنان).

## ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ئیخوانو لموسلمین

نوسەر ئاماژە بەلاواز بوونی پەیوەندییەکانی ئیخوان و ئێران دەڵێت: هەرچەندە ئیخوان لەسەرەتاوە پشتگیری شۆڕش بوون و هەوڵی هێشتنەوەو ڕاگیر کردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەدا، بەڵام لەکۆتاییدا پەیوەندییەکان پەکیان کەوت و ئیخوان لەبلاوکراوەی ناوخۆیی خۆیاندا ناڕەزایەتی خۆیانیان بۆ هەڵوێست و هەنگاوەکانی شۆڕش ڕاگەیاند.

بەڕای نووسەر ئەم گۆڕان کاریە لەهەڵوێستی ئیخواندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

أ- ناسازگاری نەهج و ڕێڕەوی ئیسلامی ئیخوانی لەگەڵ نەهجی توندوتیژانەی سەرکردەکانی شۆڕشی ئێران و هەر لەسەرەتاوە ئیخوان ئیدانەی کوشت و کوشتاری شەڕی خوێناوی شۆڕشی کرد، بەتایبەت لەگەڵ نەیارانیداو پێی ڕاگەیاند کە ئەم کردەوانە لەگەڵ گیانی ئاشتی خوازانەی ئیسلامدا ناسازگارە.

ب- ئێرانیەکان پێیان وایە خەباتی چەکداریو خۆفیداکردن خاڵی پەیوەندیو هۆکاری دیاری کردنی چەشنی پەیوەندیەکانی نێوان خۆیانو بزوتنەوە ئیسلامیەکانی جیهانەو ئەمەش لەگەڵ پرۆگرامی ئاشتی خوازانەی ئیخواندا ناسازگارە.

ج- گوشاری وولاتە عەرەبیەکان.

د- سەرکەوتنی پیلانی ناحەزانی هەردوولا بەخەست کردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان.

هـ- پەیوەندی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەگەڵ ئەو وولاتانەدا کە بەشێوەی ناحەزانە هەڵسو کەوتیان دەکرد لەگەڵ ئیخواندا، بەتایبەت سوریا.

و- درێژەدانی ئێران بەشەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق دا کە ئیخوان لەسەرەتاوە ئیدانەی عێراقیان کرد کە شەڕەکەی هەڵ گیرساند.

## ئایندەی پەیوەندیەکانی نێوان ئیخوانو لموسلمین و کۆماری ئیسلامیی ئێران

پەیوەندیەکانی ئێستاو دوارۆژی ئەم دوو بزوتنەوەیە پەیوەندیان بەو ڕووداوە گرنگانەوە هەیە کە لەم دواییانەدا هاتنە گۆڕێو دۆخی جیهانیان لەبارێکەوە بۆ بارێکی دی گۆڕی؛ لەو گۆڕانکاریانەش:

١- کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێرانو عێراق کە کۆسپی سەرەکی ڕێگای پەیوەندیەکان بوو.

٢- هەرەس هێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتو حزبە چەپەکانی ناو وولاتانی
عەرەبیو ئیسلامی بوو بەهۆی گۆڕینی زنجیرەی ڕیزبەندی
نەیارەکانی ئیخوانو، لەم حاڵەش دا لەگەڵ ئێراندا یەک دەگرنەوەو
دەبێتە هۆی نزیک بونەوەیان.

٣- وازهێنانی لەسەرخۆی بزوتنەوەی ئیسلامیی ئێرانی لەڕادیکالیەتو سەرەتای سەرلەنوێ سازکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ زۆرێک لەووڵاتانی ڕۆژئاواو هەندێک لەووڵاتانی عەرەبی وەک (ئوردون، تونس، مەغریب، میسرو وڵاتانی کەنداو).

٤- شەڕی کەنداوو هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراقو دەرکەوتنی ئێران وەک ووڵاتێکی خاوەن نفوذی سیاسی گرنگو نەیار بەسیاسەتەکانی ئەمریکا کە ئەمە بوو بەهۆی سەرنج ڕاکێشانی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دنیا بەئیخوانیشەوە.

٦- مۆڵدانی هێزە سەربازییە بێگانەکان لەسەر خاکی دورگەی عەرەبیو بەبانگهێشتی دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودی کە هەردوولا لەنەیاری کردنی ئەم حاڵەتەدا یەک دەگرنەوە.

٧- هاتنە سەرکاری (محمد خاتمی) وەک سەرۆکی وولاتو دەرکەوتنی وەک ڕیفۆرم خوازێک، هەروەها زیاد لەسەرۆکە پێشووەکانی ئێران گرنگی دانی بەگفتوگۆو کرانەوەی بەڕووی جیهاندا، بەئەندازێک کە پێش هەڵبژاردنی بەسەرۆک ناوو نفوزێکی ئەوتۆی لەگۆڕەپانی مەزهەبیو سیاسی ئێراندا نەبوو، بەڵام بەخۆ باڵاوتنو سەرکەوتنی

وەك ئیصلاحیەك بوو بـەخاوەنی بنكەیـەكی جـەماوەری فـراوانو پشتگیریەكی بەرچاوی توێـژە جـۆراو جۆرەكـانی نـاوخۆو زۆرێـك لەووڵاتو پارتـەكانی دەرەوەی ووڵات، ئەمـەش پێ‌دەچـێ ببێتـە هـۆی گـەرم كردنـی پـەیوەندی هـەردوولا، هـەم وەك دوو هـێزو تەوژمی ئیسلامیی‌و هەم وەك درێژەدان بەگفتوگۆی (ئیسلامیی ـ ئیسلامیی)ش.

٨- دەركـەوتنی ئـێرانو سـەرۆك خاتـەمی وەك نوێنـەری جیـهانی ئیسلامیی لە(محافل)ە نێو دەوڵەتیەكاندا، بەتایبـەت لەئـەورووپاو ڕۆژئـاوادا، كاریگـەری تایبـەتو بـەرچاوی خـۆی دەبێـت، كـە ئەخوازێت ئیسـلامیەكانی جیهان بەگشتی‌و ئیخوانـو لموسلمین بەتایبەت حساباتی خۆیان بەبێ ئێران یەكلا نەكەنـەوەو پێویـست دەبێت كـە جێگـەو كاریگـەری ئـێران لەهـەموو هاوكێشـەكاندا فەرامۆش نەكرێتو لەبەرچاو بگیرێت.

٩- گرتنـە دەسـتی سـەرۆكایەتی كۆنفرانسـی ئیسـلامیی لەلایـەن كۆمـاری ئیسـلامیی ئـێرانو سـەرۆك خاتەمیـەوە كـە بەدامەزراوەیـەكی شارسـتانی‌و سیاسـی‌و زیندوترین ئۆرگـانی جیهانی ئیسلامیی دەژمێردرێت، لەم بوارەشدا خاتەمی توانی زۆر بەجوانی تەوزیفی ئەو پۆستە بكـاتو بـەو سیفەتـو نـاوەوە بۆ یەكـەم جـار لـەمێژووی هاوچـەرخدا لـەدەرگای جیـهانی مەسـیحی‌یەتو پاپـا ژامپـۆڵ بـداتو وەك هێمایـەك بـۆ نزیـك كەوتنەوەی هەردوو ئاینی ئاسمانی‌و هەردوو ژیارو هەردوو جیهانی

ئیسلامیی و مەسیحی دانیشتن و دیدار لەگەڵ پاپادا ئەنجام بدات، کە لەکاتی خۆیدا ئەو سەردان و دیدارە جێگەی گرنگی و بایەخی سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان بوو.

١٠- ئەو ناراستەیەی کە ئەمڕۆ لەسەرجەم بوارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد ژیاندا بەدی دەکرێت کە ژیان بەرەو بەجیهانی کردن دەچێت، خوازیاری ئەوەیە کە موسوڵمانان بەگشتی و تەوژمە سەرەکی و باڵەکانی بێداری ئیسلامیی و سەرکردەو ڕابەرەکانیان چاوێک بەپەیوەندیەکانیاندا بخشێننەوەو لەبیریان بێت کە جیهان گەرایی (العالمیە) یەکێکە لەئاکارو تایبەت مەندیەکانی ئاینی ئیسلام و پراکتیزە کردنی ئەو ئاکارە لەئەستۆی ئەواندایە.

١١- دژایەتی کردنی ئەمریکا بۆ سەرجەم وولات و ڕێکخراوو کەسایەتیە ئیسلامیەکان، بەخستنەبری واتای زەرورەتی یەککەوتن و پێک هاتنی موسوڵمانانی لێدەگیرێت، تا بتوانن لەبەردەم ئەو هەڕەشەیەدا خۆیان بگرن و بەرپەرچی بدەنەوەو بەخستنە ڕووی نمونەیەکی واقعی (ڕاستی و حەقانیەتی) گوتارو شارستانیەت و ژیاری ئیسلامیی بسەلمێنن و لەو ڕێگەیەوە ئومێد لەدڵی مرۆڤایەتیدا بچێنن.

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی ........................ | ٣ |
| دەسپێک ........................ | ٦ |
| دەروازەی یەکەم : باسێك لەسەر نوسولیەت ........ | ٩ |
| دەروازەی دووەم : مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئیخوانو لموسلمین ........ | ١٦ |
| دەروازەی سێهەم : خاڵەکانی هاوکاری و هۆکارەکانی جیاوازی نێوان (ئیخوان – ئێران) ........ | ٢١ |
| بەشی یەکەم : فاکتەرو هۆکارەکانی هاوکاری و پێک هاتن: ........ | ٢٢ |
| - بیرۆکەی یەکێتی ئیسلامیی لەدیدی هەردوو بزوتنەوەکەدا ........ | ٢٢ |
| - هەڵوێستی هەردوو بزوتنەوە لەمەڕ نەتەوایەتی .... | ٢٦ |
| - کێشەی فەلەستین و ئازادکردنی قودس ........ | ٢٧ |
| * ڕەهەندە ئاینیەکانی قەیرانەکە ........ | ٢٨ |
| * ڕەهەندە سیاسیەکانی قەیرانەکە ........ | ٣٠ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەشی دووەم: هۆکارو فاکتەرەکانی جیاوازی: ........ | ٣٢ |
| أ) فاکتەرە فیکریەکان ........ | ٣٢ |
| - حکومەت و چۆنیەتی پێک هێنانی ........ | ٣٣ |
| - هەڵوێستی هەردوو بزوتنەوە سەبارەت بەخەلافەتی ئیسلامیی ........ | ٣٦ |
| - جیاوازی تێڕوانینی هەریەک لەئێران و ئیخوان سەبارەت بەبلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ........ | ٣٧ |
| - شێوازی چاک سازی و شێوازی شۆڕش گێڕی الإصلاح والثورة ........ | ٣٩ |
| ب) فاکتەرە سیاسیەکان ........ | ٤٠ |
| دەروازەی چوارەم: پەیوەندیەکانی نێوان ئیخوانو لموسلمین و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ........ | ٤٢ |
| - ئاوابوونی پەیوەندیەکانی نێوان شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ئیخوانو لموسلمین ........ | ٤٥ |
| - ئایندەی پەیوەندی‌یەکانی نێوان ئیخوانو لموسلمین و کۆماری ئیسلامیی ئێران ........ | ٤٦ |